


دڕگ وگوڵ بەشی یەکەم

ڕۆمان

ئیبراهیم ڕەحمەد

43581

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بلاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: دڕک و گوڵ- بەشی یەکەم
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نووریەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٦٨ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

١

ـ مالّئاوا، دانیشن بەخێر، پشت بە خوا و پێغەمەر، دوو ڕۆژی تیا نامێنێتەوە بەرئەبێ، کوێراییم دایە بۆ ئەو جوانانە.

ـ دەک خوا هەڵی نەگرێ، ئەم زوڵم و زۆرە...

ـ خواتان لەگەڵ، دڵتان هیچ نەکات: "هەر مەرگیان نەبینن..." گرتن چییە، هەر گوێشی مەدەنێ، قەی چی ئەکا، خۆ ئەو لەو هەموو خەڵکە زیاتر نییە.

ـ دوژمنتان کوێر بێ، خواتان لەگەڵ. زۆر بەخێرهاتن. دەستی دایکت ماچ ئەکەم. خواتان لەگەڵ ... و ... و ...

بەم جۆرە گفتوگۆیە، گوڵناز بەشی تا نیوەڕۆی ئەو ژنانەی بەڕێکرد کە بەدەنگ گرتنی "نەریمان"ی کوڕیەوە هاتبوون. "خورشە"ی کارەکەر هەر گەیاندنیە ئەودیو دەرگا، گورج خڕ دایخستەوە، وەک ترسی ئەوەی هەبێ کە لەپڕ دەستەیەکی تر بکەن بە مالا!

بەدەم ڕۆییەوە، یەکێک لە ژنەکان بەوانی کەی وت:

ـ خۆزگەم بەو دڵ و دەروونە فراوانەی، کچێ خۆ ئەڵێی مێشیشی میوان نەبووە! بەو خوایە من سەعاتێ حەمەم بگیرێ، شێت و هار ئەبم.

یەکێکی کەیان، وتی:

ـ ئاخر بۆیە حاڵت باشە، نابینی ئەڵێی پیرێژنی سەد ساڵەی، ئەویش دوژمن بە سی ساڵەی دانانێ... سی ساڵی چی؟ ناموخوای[١]

١ـ ناموخوا: نامەخوا، لەباتیی سوبحانەلا بەکارهاتووە. (بوار نوورەدین)

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لێ بێت، ڕوومەتی ئێستەیش سەری لەبەر دابێنە، هەر مێردە داوێن پیسەکەی لێی خوارە ئەگینا...

ـ نا، سەهوی گیانە، گوڵناز گوێی ناداتێ، وەکوو شتێ بەرەڵڵای کردووە.

ـ کچەکە ئەوە بۆ وایان لێ هات، خۆ لای خۆیان حەزیان لەیەک کردبوو، گوڵناز وازی لە 'موعەلیمەیی' هێنا لەبەر ئەو.

ـ جەنابی ئەوەندە دڵپیس بوو، ئەیوت: 'پێم ناخۆشە پیاوە کاربەدەستەکانی دایەرەی مەعاریف، هاتوچۆی مەکتەبەکەی بکەن!'

ـ ئیتر بڵێین چی دنیاکەی وایە، خۆ خوا هەرچی شت هەیە نایدا بە یەکێک، هەر کەسە ئەبێ لە شتێکی کەم بێت، هەر خۆی تەواوە بە قوربانی بم! خوایە بە گوناهـ لێم نەگری، ئەرێ پووڕە فاتوڵ پێم نالێی ئەوانەی وەکوو ئێمەومانانن خوا چی داونەتێ؟

ـ نە کچم! ناشوکر مەبە بە بەشی خوا، شەش منالّت هەیە، ئەڵێی پەڕەی گوڵن، هی واش هەیە هەناسە بۆ بێچووە پشیلەیەک هەڵئەکێشێ. بەس نییە هەموو بە چاو و گوێن و ئوممەتی محەمەدن، ئەگەر کلک و شاخیان بووایە، چیت ئەکرد؟

ژنەکەیش سەرێکی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و وتی:

ـ خوایە لێم نەگری، تۆبە شوکرم بە بەشت.

کوڕێکی بچکۆلەی کە لە لایەوە ئەڕۆیشت، هەڵیدایە و وتی:

ـ ئینجا ئەوسا ئەیانخستینە سینەماوە، ئەوە نەبوو ئەوجارە لە سینەما منالێکی دووسەریان پیشان داین.

ـ کوڕە هەتیو نەبی وسبە، خوا کوێرت ئەکات.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ـ بەو خوایە کە بەیانی بیستم نەریمان گیراوە، کسپە کەوتە جەرگم، وای کە کورێکی باش و خزم دۆستە، یەکێ لەو منالانە ئەبینێ، ئەوە ئیتر هێندە ئەیانلاوێنێتەوە، منالی تاین لە خۆی ئەگۆڕێت.

ـ خوا هەقە دایکەکەشی وایە، خوا بەدڵی خۆیان لەگەڵ بکا...

ـ ئەرێ بەقوربانەکەت بم پووڕە فاتۆل، تۆ بڵێی خوا ئەم زوڵمە قبوول کات؟

پووڕە فاتۆل سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:

ـ نە کچم، کاسە کە پڕبوو لێی ئەڕژێ... سەگی هار چل شەوی عومرە. ئەم قسانە بە خۆڕایی نەکراون!

ـ ئۆی هانام کردە دەمت، ئاهوو نزووڵەی ئەم خەڵکە بیانکات بە کۆی زوخاڵ.

ـ باجی ئایشێ! هەر بگرەو بیکەرە ژووری، هەر بگرەو بیکەرە ژووری، ئاخر هەتا کەی؟ چییان کردووە ئەڵێن: نان نییە، خوێنی میللەت ئەمژن، هاواریانە لە دەست زوڵم و زۆر، جا ناهەقیانە؟ ئۆباڵ بە گەردنم کەمیشیان وتووە، فەقیر و هەژار مردن لەم گرانی و بێ ئیشییەدا. خۆ ڕاستت ئەوێ شت ئەوەندە گران نییە، بەڵام پارە نییە پێی بکڕیت!

ـ زوڵمی وا لە دەوری فەیلەقوسیشدا نەکراوە، خوا هەڵی پێچی ئەم دەزگا و دووکانە!

ـ خەمت نەبێ، خوا خوای سوڵتان مەحموود و دارتاشەکەیە!

***

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library